# ... ئەم مانگەلەسوید باسی چی بوو...؟!

**بەدواداچونی ـ کامەران ئیسحاق پەری**

ئامادەکردنوبلاوکردنەوەی هەواڵ بەهیشکی..بێ قسەکردنودەرخستنی ڕاوبۆچونووخوێندنەوەی ژیرانە بەتەنهابەس نییە ..!،بگرەئەبێت جارجارلەگەڵ بلاوکردنی هەواڵودەنگوباسەکان،خوێندنەوەوبەدواداچونوڕایەکیشمان لەسەریان هەبێت. بەڕای من ئەگەرڕۆژنامەگەری،تەنهاکاری بلاوکردنەوەی هەواڵ بێت ئەواهیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەومرۆڤانە نامێنیت کەتوانای بیرکردنوجیاکردنەوەی شتەکانیان لەئاستێکی نزمدایە..لەم سۆزگەوەگۆشەنیگایەوەهەوڵ ئەدەین هەرجارەوبەپێی توانا لەئەوروپاوە.شتێک..هەواڵێکتان بۆباس بکەین کەپێشترلەلای تۆنەبیستراوبێت..دواتریش بۆزیاتر گەشەدان بەهونەری هەواڵ نوسینوخوێندنەوە شی ئەتوانیت تۆش هاوکارمان بیت بەوەی ڕاوڕایەڵێکی خۆتمان پێ ڕابگەێنیت...تازیاترگەشەبەتوناکانی هەواڵپەخشی بدەین.

- **لەسەرچەندخڕەشکاوێك خەریکەسەری بەتاشین ئەبەن..؟!**

بەم دواییانەولەگەڵ وادەی شکستخواردنی پارتی سۆسیال دیمۆکرات لەهەڵبژاردنەگشتییەکانی سویددابەرامبەربەباڵی ڕاستی سویدی بەڕابەڕایەتی مۆدەراتەکان،ناچاردەبوایەڕابەری بیری سۆسیالەکانوسەرک وەزیرانی سوید(یۆران پەڕشۆن)ماڵوحاڵوناوناوبانگیش بۆسەرک وەزیرانی نوێ بەجێبهێڵێت..وەلێ پێناچێت ئەم جێهێشتنەهەروابەئاسانی تێبپەڕێت ئەوەتائاژانسوتۆری هەواڵی ئەلیکترۆنی سویدی لەم هەفتەیەداهەواڵیکی سەیری لەسەردوامالّئاوای یۆران پەرشۆن بلاوکردۆتەوەتیایداهاتوە..(کاتێک کەیۆران پەرشۆن دەبووبۆدواجاربەناچاری کۆشکی سەرک وەزیران بەجێبهێڵێت لەگەڵ خۆیدادووقەنەفەی سووررەنگوشەش قەڕوێڵەی خەوتنوفەرشیکی ڕاخراولەژووری نوستنەکەی وچەند قاپوقاچاخوپەرداخێکی برد..)شایەنی باسەنرخی سەرجەمی ئەم کالاّیانەی کەسەرۆک وەزیرانی پێشویۆران پەڕشۆن لەگەڵ خۆیدا بۆماڵەتازەکەی گواستویەتیەوەبەپێی خەملاندنێکی بازاری(دەستی دوو) بە20.500 کرۆنی سویدی ئەخەملێنێت کەدەکاتەنزیکەی 3000سێ هەزاردۆلار..



ئەوەی کەپێویستەبوترێت

....زۆرسەیرەئەمرۆکەلەجیهانداولاتانێک هەبێت بوێرن...وزات بکەن هەواڵوبەدواداچون لەسەرسەرۆک وەزیرانوکاربەدەستەکانیان رێک بخەنولەهەندێ بۆنەشدا..بەپیاوخراپ ناویان بهێنولەوش زیاتربیانەوێت لەسەرتۆزێ خەرەکەشکاووقاپوقاچاخ سەری بەتاشین بەن ... کەچی لەولاتانی ترولەساییەی نەبوونی کەشی دیموکراتی کەس نەوێرێت بلێت لە ل..لای ئێمە رۆژانە بەسەدان هەزاردۆلارلەلایەن کاربەدەستان ودەسەلاتدارانمانەوبەفیرۆئەدرێت،وسوء سەرف ئەکرێتوکەسیش نییەپێیان بلێت بۆ؟...لای ئێمەبەهۆی دەسەلاتەوە بەداخەوەبەهەزاران دەولەمەندوگەندەپیاوپەیدابوەکەس نازانێت سەرچاوەی ئەوداهاتەزۆروبێشومارەلەکوێوەیەوەچۆن بەرێ دەچێت،وەلێ لای ئەمانیش خەریکەلەسەرسێ هەزاردۆلاردەیکەنەپیاوخراپوبەدوریشی مەزانن ئەودووقەنەفەسوررەنگ وشەش قەرویلەیە هەمووکارە چاکوباشەکانی ئەوزاتەلەگۆربنێت ....داخۆکەی بێت ئێمەش رۆژێک لەرۆژان بتوانین پرسیارلەبەرپرسەکانمان بکەینو راشکاوانە وبێترس وچاوسورکردنەوەپێیان بلێین ...(من این لک هذا).؟

- **باوکێکی تەمەن چلوچوارساڵی دەستدرێژی سێکسی لەسەرکچەتەمەن دەساڵانەکەی خۆی دەکات..!**



بەم مانشیتەوپترلەهەفتەیەکە میدییای بینراوبیستراونوسراوئەلەکترۆنی سویدی بەدوای ئەم هەواڵەدادەچێتولەهەوڵی شیکردنوکردنەوەی تەلیسمەکانیدایە..(باوکێکی تەمەن چلەچوارساڵ دەستریژی سێکسی لەسەرکچەتەمەن دەسالانەکەی خۆیدادەکات)وابرپیارەدادگائەم دووشەمەیە سزاوتێروانینی خۆی لەسەربدات .پێشتریش هۆی ئەم دەستریژییەگەرێنراوەتەوەبۆشپرزەیی دەرونی باوکەکەوبێدەسەلاتی کچەکەی لەئاست گەورەی زەبربەدەستی باوکی.

**ئەوەی کەپێویتسەبوترێت...!**

دیاردەی دەستریژیکردن لەسەرمنداڵی خۆ.ناسراوبەدیاردەی (سێکسی ناوخێزان،باوک لەگەڵ کچی خۆی ،دایک لەگەڵ کوری خۆی خوشک لەگەڵ برای خۆی...هتد)دیاردەوقەیرانوکێشەیەکی هەرەمەزنی کۆمەڵگای ئەوروپی بەگشتیوسویدی بەتایبەتییە...جارنییەهەواڵی سەیرو سەمەرەی لەم شێوەیەنەهاتبێتەرێم...لەراستیشدازۆرترین تاوان کەلەسویداباوی بێتوسزای توندیشی لەسەربدرێت تاوانی دەستریژی سێکسە...بەپێی دەستوری سویدیش هەردەستریژییەکی لەوجۆرەوبەتایبەت لەگەڵ تەمەن خوار15ساڵ ومندالان بکرێت دادگاسزای 3بۆ6 ساڵی تیادەدات ..وەلێ پێناچیت ئەم توندییەلەسزادان ریگایەکی

ڕاستوگونجاوی چارەسەربێت بۆدەسگرتن بەسەردیاردەکەبەبەڵگەی ئەوی پترلەسەداحەفتاوپێنجی گرتوخانەکانی سویدئەوتۆمەتبارانەی لەخۆگرتوەکەدیاردەی دەستدرێژی سێکسیان ئەنجامداوە..هەندێک لەپسپۆڕان ودەروون ناسان ئەم دەستڕێژی سێکسی یەدەگەڕیننەوەبۆحاڵەتوئەوبارگرانی(دەرون شپرزییەی کەباوکان زیاترتوشیان دەبێت) ولەژێر کاریگەری ئەودەروون خراپیەش ئەوکارەئەنجام ئەدەن ..هەڵبەت لەسەرجەمی ئەودەستڕێژیانەدەرکەوتوەکە(ترساندن)وتۆقاندن ڕەگەزی سەرکی ئەودەستڕێژیانەبوەوکەباوک لەئەنجانمی دەسەڵاتی باوکایەتیوبەزەبری ترس ئەوکارەی ئەنجامداوە...بەڵام لەچیرۆکی ئەم جارەی دەستڕێژییەکەئەوەهاتوەکە ئەم کچەلەگەڵ وادەی جیابونەوەی دایکی لەباوکی ولەسەردانەکانی کچەبۆمالی باوکی ئەوکارەی لەگەڵ ئەنجام دراوە....ئەمەش ئەومەترسیانەدەردەخات کەڕەنگەبەهۆی جیابونەوەی ژنومێردتوشی منداڵان بێتولەئایندەشدابەخراپیوبەقورسی کارلەڕیرەوی ژیانیان بکات.

- **خەڵکی سوید....حەزیان لەقەرەباڵغی نی یە..!**

ڕۆژنامەی مێترۆبەهۆی پرسیاری ڕۆژانەلەڕێگەی ویب سایتەکەیەوەرۆژانەپرسیاری جۆراوجۆرئاڕاستەی خوێنەرانی دەکات پرسیاری هەرەسەرنج ڕاکێشی ئەم مانگەی بەلای منەوەئەوەبووکەلەسەرئارەزووی نیشتەجێبوونی خەڵک کردبووی نزیک شاریاخودناوبازریان دەرەوە....هتد؟ئەنجامی ڕاپرسییەکەبەم شێوەیەبوو.

ـ % 29 ی خەڵکی سویدحەزیانەدوورلەشاروقەرەباڵغیەکەی نیشتەجێبن




ـ 25% یشی لەشارۆچکەوکۆمەلگابچوکەکان ی نزیک شار.

ـ 16% بەتەنهاونزیک دەریاچەیەک.

ـ 14% بەوئاڕاستەیەی کەنزیکت دەکاتەوەلەسەنتەری شار.

ـ 12% لەهەرشوێنێک بێت بەرلەدەروازی گەیشتن یاخوددەرچوون لەشار.

ـ4% یش دەڵێت بۆمن ئەوەندەبەسەکەپاسوشەمەندەفەرهەبێت ئاسانکارگەیشتنم بۆناوشاردەستەبەربکات.

ئەوی کەپێویستەبوترێت...!

بەپێی وەڵامی ئەم ڕاپرسییە دەردەکەوێت خەڵکی سوید ئارەزووی ژیانی جەنگەڵوقەرەباڵغیان نییەوزیاترحەزیان بەژیانێکی ئارام ودورەپەرێزە...وەک لەتێکەڵ بوون بەجەنگەڵی بازاروناوسەنتەرەقەرەباڵغەکان..ئەشتوانم بڵێم ئەم وەڵامدانەوەیەهەڵقوڵاوی ویستو کەسیەتی سویدی نیشان دەدات لەوەی کەکۆمەلگایەکەئارەزوی زۆری هاتوچۆوبێنەوبەری نییە..ئەوەتانێ لەسەداشازدەی دانێشتوانی سویدئارەزوی نیشتەجێبوون لەنزیک دەریاچەیەکی ئاوەوبەتەنهابێ دراوسێوقەرەباڵغێ یاخودگەرەلاوژێی شارەگەورەکان...هەرئەم حەزووئارەزووشە.کەبەشێوەیەکی ئاڕاستەکراوکارلەهەبوونی

پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی بێهێزو(سارد)ی خێزانوکۆمەڵگادەکات..شایەنی گوتنەسوید یەکێکەلەو وڵاتانەی کەگرنگیەکی زۆر بەجێی نیشتەجێبونوناوماڵ ئەدەن .لەم بارەیەشەوەڕاستەگەربڵێن یەک لەسەرسێی داهتیان بۆناوماڵوشوێنی نیشتەجێبوونیان خەرجدەکرێت .لەکاتێکدالەوڵاتێکی وەک یۆنان تەنها12% داهاتی دەسکەوتوبۆناوماڵ جێ نیشتەجێکەیان دێتەخەرجکردن.



پەراوێزوسەرچاوە...

- ئاژانسوتۆری هەواڵی سویدی svenskadagsbladadetwebb هەواڵەکانی ناوەڕاستی ئەم مانگە.

- باوکێک دەستریێژی سێکسی دەکات ڕۆژنامەی ئافتۆن بلادێت .گێ پێ.سیتی

- مێترۆڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سویدەپترلەدوومیلیۆن خوێنەری هەیەبەخۆرای لەناوخەڵکدالەشارەگەورەکانی یۆتبۆری ستۆکهۆڵم.مالمۆ بڵاودەکرێت داهاتی ئەم ڕۆژنامەیەلەڕیکلامەکانەوەیە.ڕاپرسی ڕۆژی 16.11.2006

- بۆزیاترزانیاری دەتوانیت پەیوەندی بەم ئیمالەوەبکەیت kamaran_ pary@hotmail.com